# کۆنگرەی شۆڕش

## دەقی وتەی حمید تەقوایی لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

### وەرگێڕانی لە فارسیەوە : کاروان نەجمەدین



بەخێربێن بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

بەگشتی لە هەرکۆنگرەیەکدا خاڵێك کە لەدەستپێکدا دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ئەتوانێت چی ناوێك بە کۆنگرەکە بدات ، یان لە ڕاستیدا تایبەتمەندی کۆنگرە کامەیە ، لەم کۆنگرەیەدا کیشەیەکمان بۆ ناولێنان نیە ، ئەمە کۆنگرەی شۆڕشە نەك بە واتای ئامانجی شۆڕش ، بەڵکو کۆنگرەی شۆڕشێکی زیندو کە بەبەرچاومانەوە لە ساتی بەرپابوندایە .

بەچەند واتایەك ئەمە کۆنگرەی شۆڕشە ، بەرلەهەر شتێك کۆنگرەی شۆڕشە بەو دەلیلەی کۆنگرەی شۆڕشگێڕانە ، کەسانێك کە لەم هۆڵەدا دانیشتون نوێنەرایەتی تێکۆشانی دوو نەوە دەکەن دژی جمهوری ئیسلامی ، کەسانێکن کە هەڵسوڕانیان بە تێکۆشان دژی دیکتاتۆریی شا دەستپێکردوە ، بەشێك لە ڕابەرانی سەر جادەی شۆڕشی 78 بون .

بە هەمان شێوە کە ئەمڕۆ لاوانێك ئەبینین کە لەسەرەوەی تێکۆشانی خەڵك لە شەقامەکان قەراریان گرتوە و وێنەو ڤیدۆ و گوزارشە کانیان لە سەر ئینترنێت دەبینین ،ساڵی 78 ئەم ئیمکاناتانە نەبوون بەڵام ئەو لاوانە کادری پەنجا و شەست ساڵەی ئەم حیزبەن کە لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشی 78 ڕاوەستابوون ، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ لێرەن لەبەر ئەوەیە کە بەدوای ژیانی ئاساییاندا نەڕۆشتن ، تەسلیم نەبوون ، ڕاوەستان و تێکۆشان چەند دەیەیە ئەم تێکۆشانە بەرەو پێش ئەبەن . بەم واتایە ئەم کۆنگرەیە شۆڕشی 78 بە شۆڕشی ئەمڕۆ شۆڕشێك کە بەدیار چاومانەوە شکڵ ئەگرێت ئەبەستێتەوە ، لەم هۆڵەدا دۆستانێکی لاو ئامادەن کە لەژێر سایەی جمهوری ئیسلامیدا چاویان بە دنیا هەڵهێناوە ، تەجروبەی شۆڕشی 78 یان نیە بەڵام بەم تێکۆشانەوە پەیوەستن ، بەحیزبێکەوە پەیوەستن کە ئاڵای ئازادی لە نەوەی ڕابردووەوە بۆ نەوەی ئەمڕۆ گواستەوە ، ئەوانە ئەمڕۆ بەشێك لە کادرو ڕابەرانی ئەم حیزبەن و لەم کۆنگرەیە ئامادەن .

بەڵام واوەتر لەمە ئەمە کۆنگرەی کەسانێکە کە نەیانتوانیوە لێرە ئامادەییان هەبێت ، چونکە لە ئێران خەریکی تیکۆشانن ، کەسانێك کە هەر ئەمڕۆ ئامانج و ئاڵای حزبیان لە کارخانەکان ، لە زانکۆکان و لە شەقامەکاندا بەدەستەوە گرتوەو بەرەوپێشی ئەبەن ، زۆرێکیان ویستویانە خۆیان کاندید بکەن بەڵام زانیان کە ناتونن لە کۆنگرە ئامادەبن ، هەنێکیان بۆ کۆمیتە ناوەندی خۆیان کاندید کردوە وەختێك کە بە باسی هەڵبژاردن گەیشتین لیستەکەیان ڕادەگەیەنین ، ئەمە کۆنگرەی ئەو هاوڕێیانەشە ئەگەرچی خەفەقان ڕێگەی پێنەدان بەشداری کۆنگرەی حزبەکەی خۆیان بکەن .

لێرەوە بە خاڵی دووەم ئەگەین ، ئەمە کۆنگرەی شۆڕشە سەرباری خەفەقان ، ئەم کۆنگرەیە ئەتوانرا لە مەیدانی ئازادی ببەسترێت وەئەگەر خەفەقان نەبوایە بەدڵنیاییی ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە دە بەرابەر ئەبو ، هەم ژمارەی قسەکەرانیشی دە بەرابەر ئەبو ، ئەوکات هەموو ئەو نوێنەرانە هەمان قسەو پەیامێکیان دەهێنایەگۆڕێ کە ئێمە لێرە بەیانی ئەکەین ، ناتوانن چونکە لەژێر فشاری خەفەقانی جمهوری ئیسلامیدان ، ئەمە کۆنگرەی شۆڕشە کاتێك چارشێوی ڕەشی خەفەقان لەڕوی هەڵماڵیت ، دورخراوەکان ئەم کونگرەیەیان ڕێك خستوە ، ئێمە حیزبی شۆڕشگێرانی دورخراوەین ،ئێمە حزبی لەژێرئیعدامڕاگیراوین ،هەریەکێك لەم ڕوخسارانەی کە لێرە ئامادەن جمهوری ئیسلامی سیبەریشیان گولەباران ئەکات ، ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە بۆ ئەوە قسەیەك کە بۆتە وێردی سەرزمانی خەڵکی ئێران بە هاوار بیڵێینەوە ، خەفەقان و حکومەتی پۆلیسی و سەرکوت و کوشتار ئیجازە بە خەڵك نادات بەڵام خواستی دڵی خەڵك هەمان شتە کە لەم کۆنگرەیەدا ڕادەگەیەنرێت، قسەیان قسەی ئێمەیەو قسەمان قسەی ئەوانە ، ئەمە کۆنگرەی شۆڕشێکە کە بەرلەوەی لە ئێران بەسەرکەوتن بگات لە دەرەوەی وڵات ئاڵاکەی چەقێندراوە ، حزبی خۆی دروستکردوە و بە ناونیشانی حیزبێکی دورخراوە ڕیشە و بازو و ئەندامەکانی خۆی لە کۆمەڵکەی ئێراندا بەرەوپێش بردوە و لەم شۆڕشەدا هەڵسوڕاوانە بەشداری کرد ، بەڵام تەنیا بەشی ئاشکرای حیزب ئەو بەشەی کە لەسەر ئاوە و فرسەت پەیدا دەکات لە دەرەوەی وڵات کۆببێتەوە و قسەی دڵی شۆڕشی خەڵك بکات .

ئێمە لێرە دوچاری مەسەلەی ئەمنی و ڕێگریەکان و ئیمکاندار بون نینن ، یان ناچار نین زمانێك بەکاربێنین کە سبەینێ دەستگیرمان نەکەن و ئەشکەنجەمان نەکەن و ئیعدامان نەکەن ، لەبەر ئەوە ئیجازە بدەن قسەی دڵی شۆڕش بکەین ، ئەو قسەیە بکەین کە ئەو کچە گەنجەی لە خۆپیشاندانەکانی شەوانە لەپێش ڕیزی خەڵکەوەیە ، یان لە 13 ئابان(8\13) بو یان ڕۆژی دواتر لە 16ی ازەر (9\16) لە ڕیزی پێشەوە بوو ، ئەگەر لێرەبوایە بەیانی ئەکرد ، بەم واتایە ئەمە کۆنگرەی قسەی دڵی شۆڕشە ، ئەو قسەیە چیە ؟ ، خەڵك چی ئەوێت ؟ ، خەڵك بۆ هەستاوە ؟ ، ئێمە نەك بەناونیشانی پەیامنێر ، وەك کەسێك کە ڕەنگدانەوەی شۆڕش لێرە پیشان باتەوە ، نەك بەناونیشانی کەسێك کە چی ڕویداوە و هەواڵی لێ ئەدات ، بەڵکو وەك کەسێك کە وەڵام ئەدەینەوە ئەڵێت چوارچێوەی واقعی و ڕاستی ئەم شۆڕشە چیە و ئایندەی شۆڕش ئەبێت چی بێت و خواستی چیە و ئەبێت بە چی لایەکدا بڕوات ، نەك وەك گوزارشی ڕابوردوو و ئێستا بەڵکو وەك ڕێگای ئایندە ئەبێ بڵێ چی شۆڕشێکە ، بەهێز و بە کردەوەچیە ،زەمینەکانی چیە و بۆچی دەستی پێکردوە و چۆن ئەتوانیت سەرکەوتو بێت ، لە ئەمڕۆوە تا سەرکەوتن ئەبێت چی ڕێگایەك بڕێت ، ئەمە کۆنگرەی شۆڕشە چونکە لەپێناو ناساندنی شۆڕش ڕونکردنەوەی شۆڕش و بەرزکردنەوەی ئاڵای شۆڕش و ڕیشە دۆزی شۆڕش و نیشاندانی ڕێگەی ئایندەیە.

ئەم شۆڕشە لەپێناو چیدایە ؟ پێویست ناکان ئەمە لە کتێبەکان دەربێنین . پێویست ناکات شیکاری و لێکدانەوە بکەین .

سەیری ئیران بکە تێدەگەیت لەپێناو چیدایە ، هەر دوو هەفتە لەمەو بەر کرێکارانی بۆری دروستکردنی خوزستان بە شیعاری ژیانی ئینسانی مافی بیٚ ئەملاولای ئێمەیە شاری ئەهوازیان خستە جموجوڵ ، تێکۆشانی فراوانی ماموستایانتان لە یادە بە شیعاری کەرامەت و گوزەران مافی بیٚ ئەلاولای خۆمانە ، لە یادتانە ئەو شانزەی ئازەرانەی  کە خوێندکارانی زانکۆ ڕایانگەیاند " یەك گۆی زەوی و یەك ئینسان " ، یەك نەژاد ، نەژادی ئینسانی " ، " سۆسیالیسم یا بەربەریەت " ، و " ئازادی ، یەکسانی ، ناسنامەی ئینسانی " ، لە یادتانە مندالآنی کار و شەقام لە ڕۆژی جیهانی مندالآندا دووساڵ لەمەوبەر لە تاران کۆبونەوە و بڕیار نامەیان داو کە بۆئەوەی منالآن ژیانێکی ئینسانیان هەبێت ئەبێت ئەم جیهانە لنگەوقوچە بگۆڕدرێت ، لەبیرتانە شیعاری " سۆسیالیسم هەستەوە بۆ هەڵگرتنی هەلآواردن " کە لە نێوانیاندا لە کۆبونەوەی ماموستایان لە پێشی مەجلیس لافیتەکەیان بەرزکردەوە و ئەوەندە بەبەرزی ڕاگیرا وێنەوە فلیمی لە جیهان بلآوبوەوە بەبیٚ ئەوەی کە ئەو تاوانبارانەی کە ئەمڕۆ بەربونەتە گیانی خەڵك ئەو ڕۆژانەش ئامادەبون بتوانن غەڵەتێك بکەن ،کەسێك کە ئەپرسێت شۆڕش لە پێناوی چیایە باشترە سەیری تاران و تێکۆشانی دە پانزە ساڵی ڕابردوی خەڵك بکات ، لە کوێی دنیا ڕۆژی منداڵ بە شیعاری " ئەم  دنیا لنگەوقوچە دەبێت بگۆڕدرێت " ئاهەنگ دەگێڕن ؟ ، مانگرتنی کرێکاران لە هەمو شوێنێك هەیە بەلآم لەکوێی دنیا کرێکار ڕایدەگەیەنێت " ئێمە ناژین بۆئەوەی کار بکەین ، ئێمە کار ئەکەین بۆئەوەی بژین " ؟ لەکوێی دنیا کرێکارن شیعار دەڵێنەوە کە "گوزەران و کەرامەت مافی بێئەملاولای خۆمانە "؟  تەنیا گوزەرانم ناوێت ، حورمەتم ئەوێت ، کەرامەتم ئەوێت ، تەنیا مافی مرۆڤم ناوێت ، تەنیا دیموکراسیم ناوێت ،"گوزەران و کەرامەت مافی بیٚ ئەملاولای ئێمەیە " ، یەك گۆی زەوی و یەك ئینسان ، دەردی من دەردی ئینسانە ، دەردی چەند ملیار کەسە ، بەتایبەت لەو ولآتە کە لەژێر سوڵتەی حکومەتی تاوان و فەساد و جەهلدایە ، تەنیا لە ناڕەزایەتیدا و ئەبیٚ مشت لە ئاسمان بکوتیت ،  لەبەر ئەوەی دژی حکومەتی جەهل و تاوان هەستیت ئەبیٚ لە یەك گۆی زەمیندا بە یەك ئینسان کۆتایی نەهێنیت ،بە کەرامەت و گوزەران کۆتای نەهێنیت ، یا سۆسیالیسم یا بەربەریەت ، بەربەریەت دەسەلآتدارە ، دواتریش بژی سۆسیالیسم !، ناکرێت و ناتوانیت کۆمەڵگەی ئێران یەك زەڕە چاکسازی و پاکسازی بکەیت ، هەتا ناکریت وەزعێك لە شێوەی تورکیا یان یۆنان لە ئێراندا بهێنرێتە ئاراوە ، لێرەوە ئەبینین لە شۆڕشی مەشروتەوە تا ئەمڕ چەنجار خەڵك هەستان و نەرم کران و دیکتاتۆر دوای دیکتاتۆر هاتە سەر کار ، قێزەونترینیان و ئینسان خۆر ترینیان تاوانبارترینیان ئەمڕۆ لەسەر کارە ، ئەم حکومەتە قابیلی چاکسازی نیە ، وختێك حکومەتێك نیزامێك کۆمەڵگا ڕاکێشێتە قولآیی چاڵی کۆنەپەرستی و قێزەونیەوە تەنیا بە هەدەفی ترۆپکی ئینسانیەت ئەتوانیت لە چاڵی بنێت ، ناتوانیت نیو مەتر بەرزی بکەیتەوە ، یان لەو کۆمەڵگەیە ژن ئازادبێت  بەوجۆرەی کە هەتا لە فەڕەنسا و ئەمریکا نیە ، یان وەك ئەوەی کە هەیە ، یا ئازادی بیٚ قەیدوشەرت بەرقەرار ئەبێت یان هەمان دیکتاتۆریە ، ئێران سوید نیە ، هەلومەرجی ئابوری و کۆمەلآیەتی و سیاسی ئێران تێکۆشان و تێکۆشەرانی پێویستە ، حیزبێکی پێویستە ، بەرنامەی پێویستە ، ئالآیەکی پێویستە کە تەواوی ئینسانیەت لە سەر مێز کۆبکاتەوە ، نە یەك ووشە زیاد و نە یەك ووشە کەم ئینسانیەت و تەواوی ئینسانیەت ! ، ساڵەهایە ئەڵێن ڕیفۆرم لەو کۆمەڵگایەدا پوچە ، هەموارکردن قسەی بەلاشە ، ئەمە ڕژێمی ڕیفۆرمو چاکسازی نیە ، ئەو حکومەتە ئەبیٚ توڕدرێت ، ئەبیٚ هەستان و شۆڕش بکرێت .

لێرەوە ئەگەین بەلایەنی سێهەم ، ئەم حیزبە حیزبی شۆڕشە لەبەر ئەوەی زەمانێك كە هیچ كەسێك لە ئۆپۆزسیۆن لەسەر شۆڕش قسەیەك ناكات و هەتا ئەمە بە توندوتیژی و بیٚ پرەنسیپی و بیٚ سەرەوبەرەیی لەقەڵەم ئەدەن و خەڵك ئەخەنە گومانەوە لە شۆڕش ، ئەم حیزبە ڕایگەیاندوە خەڵك تەنیا یەك ڕێگەیان هەیە ، شارستانیانەترین ڕێگا ، پێشكەوتوانە ترین ڕێگا ، ئینسانی ترین ڕێگا ، پاریزراوترین ڕێگا ، ئیمكاندارترین ڕێگا شۆڕشە ، سەردەمانێك كە زۆرێك بەدوای سەرپێچی مەدەنییەوە بون و ئەیانویست یاسا بنەڕەتیەكان دەستكاری و هەموار بكەن و یان خەوی دروستكردنی بارگرژی لە سنورەكان ڕژێم بگۆڕن ، ئەم حیزبە بوو لەبەرانبەر هەمویندا وەستاو ڕایگەیاند كە شۆڕش وەڵامە ، ئەمە حیزبی شۆڕشە چونكە سەردەمانێك كە كۆنەپەرستی تەواوەن بە دەسەلات گەیشت سەردەمانێك كە هەتا هێزەكانە ئۆپۆزسیۆن گاڵتەجاڕیان بە بۆچون و ئەمری شۆڕش ئەهات ، بۆ شۆڕش پێی داگرت ،سەردەمانێك هەتا كەسانێك كە خۆیان بە لیبراڵ و ئازادیخواز و ئینساندۆست و چەپ ئەزانی بانگەشەی ئەوەیان ئەكرد كە دەورانی شۆڕش لە دنیادا بەسەرچوە و بە ئێمەیان ئەوت لەئێستادا دەورانی شۆڕش لەئێران مومكین نیەو ئەیانوت ڕێگا ئەوەیە كە كەمێك دیموكراسی بێنین و كەمێك مافی خەڵك باشتر لەبەرچاوبگرین و سەرەنجام دوای سی جل ساڵ وەك فەرەنساماناڵیبێت ، هیچ كۆمەڵگەیەك كەم كەم ئازاد نابێت ، هەڵئەستێت و ئەوەشێنێت ، ئەڕوخێنێت ، شۆڕش ئەكات ، حكومەتی كۆنەپەرست ئەخات و ئازاد ئەبێت ، وە كۆمەڵگای ئێران ئەمڕۆ باشترین نمونە و دەلیلە بۆ ئیسپاتی ئەو ڕاستیەی كە تەنیا ڕێگە شۆڕشە .

ئەمڕۆ ئەم شۆڕشە لەسەر شەقامەكانە ، شۆڕشێك كە ئەم حیزبە لە كۆنگرەی سێهەمیدا ئالاكەی بەرزكردەوە ، وە ئاسۆو ڕێنوێنی كردنێك كە بەرانبەر كۆمەڵگە بڕیاری دا شۆڕش دژی جمهوری ئیسلامی و تەواوی وەزعی مەوجود بوو ، ئەگەر بتەوێت ژن هەتا هەقی دایەنگای مناڵەكەی بەدەست بهێبێت جگە لە شۆڕش ڕێگەیەكی تر نیە ، مەگەر هەقەكەی وەرگرتوە ؟؟ مەگەر توانیوێتی ؟؟ تەواوی ئەو بزوتنەوە دوی خوردادیەی كە فیمینسمی ئیسلامی ڕایگەیاندبوو چی كارێكی كرد؟ ..هەموو ئەوانەی كە ئەیانویست هەتا بۆ نزیكەكان و ئامۆزاكانی خۆیان ئازادی بهێنن بە كویٚ گەیشتن ؟، سەیركەن چۆن سەری یەكتر ئەبڕن ،لەدەرەوەی ماڵی ڕێبەر چی كەسێك ئەتوانێت لەو كۆمەلگایە ڕۆژنامە دەربكات ؟ كام ژن ئەتوانێت هەتا ڕەنگی سەرپۆشەكەی بگۆڕێت ؟ كام كرێكار ئەتوانێت هەتا وەك كرێكاری توركیا بژی ؟ ناكرێت ! جمهوری ئیسلامی ئەبێت توڕبدرێت ، ئەم حكومەتە ئەبیٚ بڕوخێنرێت ، ئەوڕێگایە كەئێمە بەردەوام ئەمانوت ڕێگەی شۆڕشە ، هەموو خەڵكی ئێران بینیان و تەجروبەیانكرد و دەستیان بە شۆڕش كرد .

ئەمە تێكۆشانێك نیە كە لەشەڕی نێوان باڵەكان و یان بەركەوتنی ناوخۆیی حكومەتەوە دەستی پێكردبێت ، بەپێچەوانەوە باڵەكان بەربونەتە گیانی یەك چونكە خەڵك ژێرپێیانی گەرمكردوە ، ئەوە ڕەنگدانەوەی حەرەكەتی خەڵكە كە بەڕوخساری ڕەنپەڕیوەكانی سەرەوەوە ئەیبینیت ، وە ئەمڕۆ ئیتر گاردیان و هرالد تریبۆن هەرئەوە ئەنوسن ئەوە ناڕەزایەتی بزوتنەوەی خەڵكە كە باقیەكەی بەدوای خۆیاندا ڕادەكێشن ، هەتا سیاسەتی دەرەوەی حكومەت لەژێر تەئسیراتی حەرەكەتی خەڵكدایە ، ئەمڕۆ سیاسەتی ڕژێم لەسەر

مەسـەلەی بـۆمبی نـاوەکی و شـتی تـر گێژاوێکـە کـە خـەڵك بـۆ ئـەوانی دروسـتکردوە ،ئەمـە هـەموو دنیـا تێیگەشتون .

سەرەنجام ئەمە کۆنگرەی شۆڕشە چونکە کۆنگرەی ئەو تیروانین و ئامانجانەیە کە شۆڕش لێیانەوە شکڵی گرتـوە و ئـەبێت بـەرەوپێش بـڕوات ، ئەمـە کـۆنگرەی شۆڕشـە چـونکە کـۆنگرەی حزبێکـە کـە بـەتواناوە نوێنەرایەتی شۆڕش دەکات ، بۆئەوەی ئەو تواناو زمینە عەزیمـەی کە لەکۆمەڵگادا هەیە بەرزببێتەوە و نەك تەنها مەسەلەی ئێران و مەسەلەی جمهوری ئیسلامی بەڵکو مەسەلەی بەشەریەت چارەسەر بکات و یان ڕێگا کردنـەوە و ڕێنیـشاندەرێك بێـت بـۆ بەشـەریەتێك کـە ئەیـەوێت مەسـەلەی ئـەمڕۆی دنیـا ، مەسـەلەی سـەدەی بیستویەکی دنیای شارستانی چارەسەر بکات ، ئەمە حیزبێکە کە فراوانتر و واوەتر لە جوغرافیای سیاسی ئێران و ئەمڕۆ ئێران لەبەرانبەر کۆمەڵگەدا دادەنێت و بۆ ئەوەی بەسەرکەوتن بکەین ئەبێت ئەو ئاسۆیەمان هـەبێت ، هـەر ڕابـەرێکی سـەر جـادە ، هـەر خۆپیـشاندانێکی شـەوانە ، هـەر مـانگرتنێکی کرێکـاریی هـەر حەرەکەتێکی ناڕەزایەتی زانکۆکان ئەبێت لەدەوری میحوەرە ئەصڵیەکانی ئایدیای ئێمە ، مەسەلەی ئینسان و ئینسانسەت چەق ببەستێت ،شۆڕش بۆ ئەوەی بتوانێت یەك هەنگاو بەرەوپێشتر بڕوات و بۆئەوەی گورزی یەکلاکەرەوە لە دواکەوتوترین دەوڵەتی دنیا بوەشێنێت، ئەبێت پێشکەوتوترین قوڵترین وشۆڕشگێڕنەترین تیڕوانین و ئامانج بێنینە ناوەوە و لەپێناویدا بجەنگین ، حیزبی ئێمە نوێنەرایەتی ئەم ئامانجە ئەکات ، ئێمە تەنها ئەوەناڵێین لەکوێ ئامادەین و زەمینەکانی شۆڕش چین ، حیزبی ئێمە ئەڵێت ئەبێت بۆ کوێ بڕوات وە ئەگەر ئەم حیزبە گرنگیەکی هەبێت ئەمەیە .
ئەم حیزبـە داخـوازی دڵـی شـۆڕش ڕادەگەیـەنێت هـەتا ئەگـەر تائێـستا نەهاتبێتـە سـەر زاری جـەماوەری خـەڵك ئەم حیزبـە ئـەیڵێت و ئـەیڵێتەوە ، قسەیەك کە لـە دڵەکانـدا ماوەتـەوە و قسەیەك کە نـەوتراوە ، نـەوتراوە نـەك لەبەرئـەوە خەفـەقان هەیـە بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی کـە ئـازادیخوازیی و یەکسانیخوازییەکی قـوڵ کـە لـە کـونجی دڵەکاندایـە نوێنـەری پێویـستە ، قسەکەر و ڕابـەری پێویـستە ، حیزبـی پێویـستە ، ئـەم حیزبـە ئینـسانیە ڕێکخراوە ئەم حزبە ئینسانیەتەو سیاسی بۆتەوە ، حیزبێك کە دەزانێت نـەك تـەنیا کۆمەڵگـەی ئێـران بـەڵکو هەموو کۆمەڵگای جیهانی ناتوانێت سەرکەتوبن شارستانیەتی دنیاو خـەڵکی شـەریفی دنیا ناتوانن بەئازادی بگەن ، ناتوانن ماڵوگوزەرانیان هەبێت مەگەر بڕیار بدەن کە ئینسان و ئینسانیەت هەدەفە .

جیهانیان تا قوڵایی جەهەنەم ڕاکێشاوە ، نەك تەنیا لە ئێران بەڵکو لەهەر جێگایەکی تری جیهان خەڵکیان لە قەفەسـی خـوێنینی میلـی و قـەومی و مەزهەبـدا حەپـسکردوە ، ئینـسانیبونی خـەڵکیان هـەتا لـە دوتـوێی کتێبەکان و تیۆریەکان و کلتورو هونەری ڕەسمدا نەفی کردوە ، ئیتر ئینسانمان نیە ! لە بیرکردنـوەی ڕەسمی جیهان ئیتر ئینسانمان نیە ، تـەنیا لـە ئێراندا ناڵێین ، جمهوری ئیسلامی کە چارەنوسی مەعلومـە ، خۆیشی وتویەتی کە حکومەتی مسوڵمانانم و ئیسلامیم ، بەم لیکدانەوەیە کەسێك کە مسوڵمان نەبێت لەو کومەڵگایە مافی نیە و خۆئەگەر مسوڵمان بیت و وەرگەڕێیت لێی ئەوا خوێنیشت حەلاڵـە ، بـەلام نـەك بەتـەنیا لـە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی جمهوری بـەڵکو لـە هیچ شـوێنێکی دنیا ئینسان و ئینسانیەت بـەڕەسمی نەناسراوە ، لـە هـەمو جێگایەك ناسنامەی ئینسانی کراوە بەژێرپێوە ، وە ئەمە بارودۆخێکە کە سـەرمایەداری لـە هـەموو شـوێنێکی

دنیا خولقاندویەتی ،لە ئابوریدا نەهامەتیە ئابوریەکان مافی تۆیە، لە کلتورو هونەردا هەمانشێوە هەرچی مەزهەبەکەت ئەیلێت و هەرچی سەرەك قەوم و خێلەکەت ئەیلێت ، وە پێناسەی دیموکراسیش هەر ئەوەیە چوار دانە مەلای کۆنەپەرست و سەرەك تایەفەو عەشایەر لە یەك شوێن ڕیز ئەکەن و ناویان لێئەنێن *لویا جرگە ( * مەبەست لە پەرلەمانی ئەفغانستانە) ، ئەمەش دیموکراسی ، ئەمە بارودۆخێکە کەبەسەر جیهانیاندا هێناوە ، کۆمەڵگەی ئیران ئەمڕۆ ئەو قسەیەی دڵی خەڵکی دنیا بە دەنگی بەرز ئەڵێت چونکە خۆیان لە هەمویان باشتر کێشاویانە ، لە دەورەی ئەم سی ساڵەی کۆتایداو بەتایبەت ئەم دەساڵەی ئەخیر کە بزوتنەوەی گەورەی ژێرەوژور خوازیی خەڵك دەستیپێکرد و لەهەر شوێنێکی تری دنیا خەڵکێك کە بەهەمان دەردو مەسەلەی خەڵکی ئیران هەستاون و ئازادییان ویستوە ، خۆشگوزەرانیان ویستوە ، بە ئاڵاوخواستی مێژووی خۆم و سەر زەوی خۆم و ئاینی خۆم و قەومی خۆم ئەهاتنە مەیدان ، لە تەواوی ئەوروپای شەرقی ئەوەمان بینی و لەتەواوی جمهوریی پاشماوەی شورەویی هەمان شێوە بوو وە لە ئەفریقا و ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەمان شێوە و ئیستاش هەروایە ، بزوتنەوەی پیسی ئیسلامی لەناو ئەو کەس بەکەسی و دواکەوتوییەدا سەری دەرهێنا کە دەوڵەتەکان و چینی دەسەڵاتداری وڵاتان کردیانە نسیبی تەواوی جیهان ، جیاوازیەك کە کۆمەڵگەی ئێران هەیەتی ئەوەیە کە لەژێر سوڵتەی بۆگەنترین و خنکێنەرترین و دژی ئینسانیترین نمونەی ئەو دەوڵەتانەدایە ، بەڵام تەنیا لەئێران بوو کە برزوتنەوەی خەڵك لە ئاڵاکانیان نوسی گوزەران و کەرامەتی ئینسانی ، وە ئەوە مەسەلەی تەواوی خەڵکانی جیهانە ، لە ئەوروپاو ئەمریکا و لە پێشکەوتوترین وڵاتی پیشەسازی مەسەلەکە هەر ئەمەیە ، ئینسانەکان کەرامەتیان نیە ، حورمەتیان نیە ، لەهیچ جیگایەك حساب بۆ خواستو ئیرادەیان ناکرێت ، لەهیچ شوێنێك ، هەر لەبەر ئەمەیە بزوتنەوەیەك کە ئەڵێت هەدفی من گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان بزوتنەوەیەکە کە خواستی قوڵی ئەمڕۆی خەڵکی جیهان و شۆڕشی ئەمڕۆی ئیران نوێنەرایەتی ئەکات ، بزوتنەوەیەك کە دەڵێت هەدەفی من ئینسان و ئینسانیەتە وە ئینسانیەت میحوەری تێکۆشانی منە .

وە سەرەنجام ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە بۆئەوەی هەدەفی ئەم شۆڕشە دیاری بکەین ، جمهوری ئیسلامی ئەبێت بڕوات ، ئەبێت ژێرەوژور ببێت ، ئەم بزوتنەوەیە ئیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە دواوە ، ناتوانێت بوەستێت ، پلیکانەکانی دوایەوە ڕوخاوە ، لە پەیوەند بە خەڵکو حکومەتەوە ڕەشوسپی ڕۆشن و شەفافە ، خەڵك لە بەرانبەر حکومەتێکدا ڕاوەستاوە کە لێیان ئەدات ، ئەکوژێت ، ئیعدام ئەکات ، ئەشکەنجەو تەجاوز ئەکات ، حکومەتێك کە هەتا هاوشێوەی دەوڵەتە سەرکوتگەر و دیکتاتۆرە ناسراوەکانی دنیا نیە ، ناکرێت بە جمهوری ئیسلامی بلێیت دیکتاتۆر و بەس ، ئەوە کەمە ، بەپێی پێویست ڕاستیەکە ناڵێیت ، ئەوە یەك باندی مافیایی تاوانباری ئابوریە کە وەك زەرو ، وەك تاعون بەربوەتە گیانی کۆمەڵگا و تەنها بە کوشتار و کوشتار لە شەقامەکان و لە زیندانەکان و ئەشکەنجە خانەکان و یان بەرپەتی سێدارە خۆی بە پێوە ئەبینێت ، ئەبێت ڕیشەی ئەم غودە تاعونیە دەربێنرێت ، وە ئەم شۆڕشە لەپێناوی ئەم هەدەفەدا ئەتوانێت و ئەبێت یەکگرتوبێت ، وە حیزبی ئێمە یەکەمین هەدەفی ئەوەیە کە ڕیزی کرێکاران ، ژنان ، ڕیزی لاوان لەدەوری هەدەفی سەرنگونکردنی جمهوری ئیسلامی یەکگرتو بکات ، لە بڕیارنامە پێشنیارکراوەکانی کۆنگرەدا ئەوە ڕۆشنکراوەتەوە کە وەختێت لەسەر سەرنگونی قسە ئەکەین مەبەستمان چیە ، ئەبێ تاکوێ پێشکەوتو وە

چەنێك قوڵتربێت ، چون ئەبێت ئەم تاعونە ڕیشەكێش بكرێت وەئەگەرنا ئەگەڕێتەوە و بە هەموو توانایەوە سەركوتی جەهەنەمیانە ئەكات ، هەتا ئەگەر حەرەكەتی خەڵك لەبەرانبەریدا كۆتاییی بێت و یەك هەنگاو بگەرێتە دواوە وەختێك خەڵك بنێرێتەوە ماڵوە و جێگا پێی توند كرد ئەگەڕێتەوە و لەوە خراپتر تیغ لە كۆمەڵگا ئەكێشێت ، یەك هەدەف و یەك ئاڵا كە ئەم كۆنگرەیە ئەیداتە دەستی خەڵك و كۆمەڵگای بۆ بانگەواز ئەكات ئەوەیە كە ئەبێت ئەم نیزامە لە ڕەگەوە هەڵبكەنێت .

لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئەم شۆڕشە بۆ سەرنگونكردنی ڕژێمە و لە ڕونگەی خواست و ئامانج و هەدەفی كۆمەڵایەتییەوە ئەمە شۆڕشێكە بۆ ئازادیی بێ قەیدوشەرت ، ئەمە شۆڕشێكە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوكمی ئیعدام ، شۆڕشێكە بۆ گسكدانی دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێركردن لە تەواوی كۆموڵگەدا، شۆڕشێكە بۆ یەكسانی بێ قەیدوشەرتی ژن و پیاو ، بۆ كۆتییهێنانی یەكجارەكی و بۆ هەمیشە بەهەرجۆرە هەڵاواردنێكی كۆمەڵایەتی و ئابوریی و حقوقی و یاسایی و كلتوری دژی ژنان ، وە شۆڕشێكە بۆئەوەی كرێكار نەك تەنیا حەقدەستی دواخراوی وەربگرێت بەڵكو ئیتر كەس نەتوانێت دەست بەسەر ژیان و گوزەرانی كرێكاراندا بگرێت تا كار لەو دەربكێشێت ، بۆ ئینسان كار ئەبێت یەك كاركردی داهێنەرانە بێت نەك فەرزێكی ئابوری ، كۆمەڵگە ئەبێت ئازاد بێت لەبەر ئەوەی نە هەڵاواردنی ئابوری ئاسارێكی لەوێدا هەبێت و نە ئەو دۆڵە گەورەو قوڵە لەنێوان هەژاری و ساماندا لە كۆمەڵگا هێناویانەتە ئاراوە ، پێموابێت ئەو درزە گەورەیەی كە لەنێوان كەمینەیەكی هیچی بەلاشخۆری زەرو ئاسای دەوڵەتی و زۆرینەی زۆری خەڵكدا هەیەو خستونیەتە ژێر هێڵی هەژاریەوە لە مێژووی ئێران و لەمێژووی جیهانی سەردەمدا بێ پێشینەیە ، ئەم درزە ئەبێت بڕوات ، وە ئەمەش ئامانجی شۆڕشە .

ئێمە بانگخوازانی شۆڕشین ، زەمانێكە بانگەوازی شۆڕش ئەكەین ، ئەمڕۆ شۆڕش شكڵی گرتوە و ئەمڕۆ ئەوە شۆڕشە بانگەوازمان ئەكات ، بانگەواز ئەكات كە ڕێخراوی بكەین ، یەككگرتوی بكەین ، ڕابەرایەتی بكەین و بە سەركەوتنی بگەیەنین ، ئەم كۆنگرەیە تەواوی هەدەف و ئەركو كاری كە ئەبێت لەم دوو ڕۆژەدا ئەنجامە بدات ئەوەیە كە وەڵامی ئەم بانگەوازەی خەڵك بداتەوە ، خەڵك بانگەوازی ئێمە ئەكەن بۆئەوەی شیعارەكانیان ڕۆشن بكەینەوە ، ڕخراویانبكەین ، ڕابەرایەتیان بكەین و سەریانبخەین ، ئەم كۆنگرەیە ئەبیت وەڵامی ئەم بانگەوازە بداتەوە و من گومانم نیە كە ئێمە بە سەركەوتوانە كۆتایی بە كۆنگرە بێنین و وەڵامی ڕاست و دروست بەم بانگەوازەی كۆمەڵگە ئەدەینەوە.



كاروان نەجمەدین
karwanmj@yahoo.com

..................................

تێبینیی وەرگێڕ: ئەم نوسراوە دەقی وتەی هاوڕێ حەمید تەقوایی لیدەری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێرانە لە دەسپێكی كۆنگرەی حەوتەمی حزبی كۆمۆنیست كرێكاریی ئێران كەلە بەرواری 20ی دیسەمبەری 2009 دا بەسترا

*دەقە فارسیەكەی لە بلاوكراوەی ئەنتەرناسیۆنال ژمارە 327 ی 18-12-2009 وەرگیراوە